**بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**بە ناوی گەلەوە**
**ئە نجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیـــار: ٢٢**
**مێژووی بڕیـــار: ٢٠٠٠/١٠/٢٩**

## (( بـڕيـــار ))

پشت بەو یاساكارییەی كە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق لە دانیـشتنی ژمـــــــارە ( ١٢ ) ی رۆژی (٢٩ /١٠ / ٢٠٠ ) یدا ئەنجامی داوەو ، بە پێی حوكمی بڕگە (١) ی ماددەی (٥٦) لــە یاسـای ژمـارە (١) ی هەموار كراوی ساڵی (١٩٩٢) و ، بە پێی ئەو دەســـەڵاتەش كە بڕگە (٣) ی ماددەی دووەمی یاسـای ژمارە (١٠) ی ساڵی ( ١٩٩٧) پێمـــانی داوە ، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەیخوارەوەمان دا ٠

## یاســای ژمـارە ( ٧ ) ی ســاڵی ٢٠٠٠
## یـــاسای خانەنشینی كەمئەندامبوانی پێشـمەرگە

**مــادەی یەكەم :**

ئەو پێشمەرگەیەی لەم حاڵەتانەی خوارەوە دا ، تووشی كەمئەندامبوونی لەش بوون، خانەنشین دەكرێن:

١. ئەگەر پلەی زەبوونیی ، بە پێی راپۆرتی پزیشكی كە لە لایەنێكی پسپۆڕەوە دەرچووبێ، (٥٠٪) یان زیاتر بێ٠

٢. ئەگەر ئەندامێكی دیوی دەرەوەی لەشی لە دەست دابێ،سا پلەی زەبوونیی هەرچەندە ، دەبێ، ببێ

**مــاددەی دووەم :**

هەر پێشمەرگەیێ پلەی زەبوونیی گەیشتبێتە ( ١٠٠٪ ) یـان ئەندامێكی لەشی (( وەك ئەوەیلە بڕگەی دووەمی ماددەی یەكەمدا هاتووە )) لە دەست دابێ ، مووچەیەكی خانەنشـــینی بۆ دەبڕدرێتەوە، بە قەدەر ســــەرجەمی ئەو مووچەو دەرماڵەیە بێت كە **مانگانە لـە كاتی خزمەتا وەریدەگرت ٠**

**ماددەی سێیەم :**

هــــەر پێشمەرگەیێ پلەی زەبوونیی لە ( ٥٠٪ ) كەمتر نەبێ و نەگەیشتبێتە (١٠٠٪ ) ، ئــەوە مووچـــەیەكی خانەنیشینی بۆ دەبڕدرێتەوە بە قەدەر ئەو مووچەیە بێت كەلە كاتی خزمەتا وەریدەگرت ٠

**مــاددەی چوارەم :**

ئەو پێشـــــمەرگەیەش كە تووشی كەمئەندامی بووەو پلەی زەبوونییەكەی لە (٥٠٪) لەســــــەر حەزو ئارەزووی خۆی هەواڵەی یەكــــە جێنەگۆڕە ( الوحدات الپابتە ) كانی ریزەكانی پێشمەرگە دەكرێ كە لەوێ كاربكات٠

**ماددەی پێنجەم :**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت،کاری پێ ناکرێ .

**ماددەی شەشەم :**

پێویستە وەزیرە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە کار .

**ماددەی حەوتەم :**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاوبوونەوەی لە جەریدەی رەسمیدا ، دەخرێتە کار .

**د. رۆژ نــــوری شاوەیس**

**ســەرۆکی ئە نجــومەنی نیشتمانیی کوردســتانی عێــراق**